# شاعیری دسپلینو ئازادی فەردی

## عادل ئیبراهیم

کاك بژاری شاعیر ئەم جارە ئحساسی شعیریو جەویی شاعیری رەوانەکرد بەرەو ئامۆژگاری حیزبی تەقوایی چەپی تازە، تکایان لیدەکات کە ئاگاداربن ئازادی فەردی نەکەنە قوربانی دسپلینی حیزبی، بەوە دەچیت کاك بژار لەو بارەوە ئحساسی زۆر ئازار درابیت، تا ئەو ئاستەی نەبونی ئازادی فەردی لە ناو حیزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراقدا کارکردی زۆر بووە لەسەر لاوازی هۆنراوەکانی، هەر بۆیە نەیتوانی هونراوەی ئازاد (شیعری حر) بنوسیت و رزگاری بیت لە کیشو قافیە، دیارە لە دنیای شاعیری کاك بژاردا دیسپلینی حیزب ریگریکی گەورەو خەتارناکە لە تەعبیری سۆزی هۆنراوەی ئازادو کردنی بە گۆرانی.

بەلای کاك بژارەوە پیوستە بۆ حیزبی تازە پەیوەندی دیالکتیکی تازە بدۆزیتەوە بۆ پیکەوە گریدانی ئازادی فەردیو دسپلینی حیزبی، تا لە پەیوەندی میتافیزیکی پەیرەوکراوی ناو حیزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق رزگارمان بیت، هەروەها دەرگایەکی ناسکۆلەی هەمیشە کراوە بیت بۆ ئەوەی کاك بژار بگەریتەوە سەر دارشتنی هۆنراوە قنجو قیتەکانی.

بەراستی ئامۆژگاریەکی نازانستی هاوچەرخو بەهیزی ئحساسی شیعری ناواقعی کاك بژارە بۆ دنیای حیزبیەتو رابەرانی حیزبی، هیوادارم هاوریکانی لە گەل ئەوەی لە باری عەمەلیەوە ئازایانەو جەسورانە لە پیناو ئازادە فەردیەکانیاندا لە بەرامبەر حیزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراقدا وەستانەوە، بەلکو بتوانن لە باری تیۆریی ریکخراوەیەوە وەلامیکی دیالکتیکی بیت یا نادیالکتیکی شتیکی بۆ بدۆزنەوە تا کاك بژار بە تەواوی ئازادیە فەردیەکانی لە ناو حیزبەکەیدا شاد بیت، با لەوە زیاتر بەو ئازارەوە تل نەداتو بە پەری ئازادیەوە هۆنراوەی ئازاد داریژیت.